*Journal of Language Studies* Vol. 10, No. 1, Part 2, 2026, Pages (164-181)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.1.P2.9

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Limitations of Economization in the Kurdish Language Dictionary

Omer Salih Khdir *
Kurdish Language Department/ College of Education/ University of Raparin
Omer.salih@uor.edu.krd
&
Othman Shakhsa Mama
Kurdish Language Department/ College of Education/ University of Raparin
Osman.shakhsa@uor.edu.krd

**Received:** 14/12/2025, **Accepted:** 05/01/2026, **Online Published:** 31/03/2026

**Abstract**

This research discusses the limitations of economization in the Kurdish language dictionary, using the Mardokhi dictionary, which is a Kurdish, Persian, and Arabic dictionary, as an example. The importance of this study is that it attempts to identify economic limitations in culture. Although economy in language is beneficial to the speaker, human nature also organizes language according to the principle of low energy consumption, or economy, but a balance must be struck between shortening and complete preservation of language. Language constantly moves in two directions: expansion and contraction (economizing). Since a dictionary, like a treasury of words, consists of several cultural units that carry phonetic and semantic information, a dictionary sets conditions for cultural structures according to the law of limitation and limits economies.

The research consists of two parts, in addition to the introduction and an abstract. The first part theoretically discusses the different concepts and interpretations of language

* **Corresponding Author**: Omer Salih Khdir, **Email:** Omer.salih@uor.edu.krd
**Affiliation**: University of Raparin – Iraq.
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

limitations, as well as limitations at language levels in general, and then economics at language levels is presented. The second section presents practical examples of economization and limitations in culture. The study data were also interpreted and analyzed. Finally, the results, a list of sources, and an abstract of the research are presented in both Arabic and English.

**Keywords:** limitation, economy, dictionary, ease of expression, energy conservation

## حدودية الاقتصاد اللغوي في المعجم الكوردي

عمر صالح خدر
قسم اللغة الكردية / كلية التربية / جامعة رابرين
و
عثمان شخصه مامه
قسم اللغة الكردية / كلية التربية / جامعة رابرين

**المستخلص**

تتناول هذه الدراسة موضوع (حدودية الاقتصاد اللغوي في المعجم الكوردي)، وتستخدم من معجم مَردُوخِي (الكوردي، الفارسي، العربي) نموذجًا للتطبيق. وتكمن أهمية الدراسة في أنها تحاول التعرف على حدودية الاقتصاد في المعجم. إذ إن الاقتصاد اللغوي على الرغم من فائدته للمتكلم، إلا أن الطبيعة البشرية تنظم اللغة وفق الاقتصاد أو مبدأ تقليل الجهد المبذول في التواصل، ولكن لا بد من إيجاد توازن بين الاختصار والحفاظ الكامل على اللغة، لأنه يسمح بالاقتصاد في اللغة إلى الحد الذي لا يؤثر على معنى اللغة وفهمها وغموضها، لأن اللغة تتحرك باستمرار في اتجاهين: التوسع والاختصار والاقتصاد. وبما أن المعجم باعتباره كنزًا للكلمات؛ يتكون من وحدات معجمية التي تحمل معلومات صوتية ودلالية، ومن ثم فإنه يضع الشروط للبنى المعجمية وتحد من مظاهر الاقتصاد وفقا لمعايير التحديد.

تتكون الدراسة من مبحثين، بالإضافة إلى المقدمة والملخص. يتناول المبحث الأول نظريًا المفاهيم والتفسيرات المختلفة للحدودية في اللغة، على المستويات اللغوية بشكل عام، ثم يُقدم الجانب الاقتصادي على المستويات اللغوية. ويقدم المبحث الثاني أمثلة عملية على الاقتصاد والحدودية في المعجم. كما تم تفسير بيانات الدراسة وتحليلها. وأخيرًا، عُرضت النتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.

**الكلمات المفتاحية:** الحدودية، الاقتصاد، المعجم، سهولة التعبير، الحفاظ على الطاقة.

## سنورداریتیی ئابوریکردن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا

م. ی. عمر صالح خدر
بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردە، / زانکۆی ڕاپەڕین
م. ی. عثمان شخصە مامە
بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی ڕاپەڕین

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە (سنوردارێتیی ئابوریکردن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا) دەکات، فەرهەنگی (مەردۆخی)، کە فەرهەنگێکی (کوردی، فارسی، عەرەبی)یە وەک نمونە بەکارهێنراوە، هەروەها سود لە قسەی ڕۆژانەی خەڵک وەرگیراوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هەوڵدەدات سنوردارێتیی ئابوری لە فەرهەنگدا دیاریبکات. هەرچەندە ئابوریکردن لە زماندا سودی بۆ ئاخێوەر هەیە، سروشتی مرۆڤیش هەروایە زمان بەپێی بنەمای بەکارهێنانی وزەی کەم، یاخود ئابوریکردن ڕێکدەخات، بەڵام دەبێت هاوسەنگی لەنێوان کورتکردنەوە و پاراستنی تەواوەتی زماندا دروست بکرێت، چونکە هەتا ئەو ڕادەیە دەتوانرێت ئابوری لە زماندا بکرێت، کە کارنەکاتە سەر واتا و تێگەیشتن و شێواندنی زمانەکە، چونکە زمان بەردەوام دوو ئاڕاستە دەیجوڵێنێت، ئەوانیش فراوانبون و ئابوریکردنە. بەو پێیەی فەرهەنگ وەک گەنجینەی وشەکان لە ژمارەیەک یەکەی فەرهەنگی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانە هەڵگری زانیاری فۆنەتیکی و واتایین، هەر بۆیە فەرهەنگ بەپێی یاسای سنوردارێتی، مەرج بۆ پێکهاتە فەرهەنگییەکان دادەنێت و ئابوریکردن سنوردار دەکات.

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و پوختە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بە شێوەیەکی تیۆری باس لە چەمک و لێکدانەوە جیاوازەکانی سنوردارێتی لە زماندا کراوە، هەروەها بەگشتی سنوردارێتی لە ئاستەکانی زماندا باسکراوە، ئینجا ئابوریکردن لە ئاستەکانی زماندا خراوەتەڕو. لە بەشی دووەمدا بەشێوەیەکی کارەکی ئابوریکردن و سنوردارێتی لە فەرهەنگدا بە نمونەوە خراونەتەڕو. هەروەها داتای توێژینەوەکە لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە. لە سەرەتادا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پیشاندراوە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** سنوردارێتی، ئابوریکردن، فەرهەنگ، ئاسانی دەربڕین، پاراستنی وزە.

**پێشەکی:**

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بۆ (سنوردارێتیی ئابوریکردن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕادەی سنوردارێتیی لە ئابوریکردن و سنوردارێتی بەکارهێنان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا.

سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە: سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە. کەرەستە و داتای توێژینەوەکەش بەزۆری لە فەرهەنگی (مەردۆخ)ی وەرگیراوە، هەروەها سود لە سەرچاوە زمانەوانییە کوردییەکان و بەکارهێنانی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمان وەرگیراوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی ــ شیکاریی پەیڕەوکراوە، واتە دوای کۆکردنەوەی داتا بە شێوەیەکی بابەتییانە، هەوڵی شیکردنەوەیان دەدرێت و بەپێی بەکارهێنان و یاسا فەرهەنگییەکان پیشاندراون.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بۆ ناساندنی ئابوریکردن و سنوردارێتی تەرخانکراوە، لە بەشی دووەمدا سنوردارییەکانی ئابوریکردن لە فەرهەنگدا خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: ئابوریکردن و سنوردارێتی

### ١-١) چەمک و لێکدانەوە جیاوازەکانی سنوردارێتی لە زماندا

چەمکی سنوردارێتی، چەمکێکە لەدوای چەمک و بیرۆکەی گشتێتی لە زماندا هاتۆتەکایەوە، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو سنورانەی، کە مەودای شتێک دیاریدەکەن. (قادر ٢٠١٢: ٢٢٤)، واتە دیاریکردنی سنور بۆ شتێک، جا ئەو

شتە قەبارە بێت، یان ماوە بێت، یان پابەندبوونێک، یاخود توانایەکی جەستەیی بێت، کە لە بنەڕەتدا بە واتای ڕاگرتن، سنوردارکردن، یان بەربەستکردن دێت.

هەروەها سنوردارێتی زاراوەیەکی داڕێژراوە، لە وشەی (سنور) لەگەڵ پاشگرەکانی (دار+ێتی) پێکهاتووە، کە بۆ گەلێک بواری جیاواز بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت بۆ سنور و جیاکردنەوەی وڵاتان، یاخود جیاکردنەوەی خاک، لە بواری زمانەوانیشدا سنوردارێتی دیاردەیەکی گشتییە و لە زۆربەی زمانەکاندا هەستپێدەکرێت و لە هەموو ئاستەکانی زماندا بوونی هەیە. بەپێی بنەما و یاسا و دەستوری زمانە جیاوازەکانی جیهان، وەکو بنەمایەکی مەرجدار کاریگەری لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان هەیە، واتە سنوردارکردنەکان دەگونجێت گشتی بن، بۆ زۆر لە زمانەکان بەکاربهێنرێن، یاخود تایبەتی بن، کە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی زمانێکی دیاریکراوبن. (حمد ٢٠٢٣: ٣٦).

لەم ڕوانگەیەوە، لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا سنور بە واتای (حدود، کەوشەن، هێڵی نێوان دوو زەوی، مەرز، ...هتد)، بەکارهاتووە. (شرفکندی ١٣٦٩: ٤٢١)، بۆ نموونە زۆرجار لە کاتی ئاخاوتندا دەوترێت سنوری خۆت مەبەزێنە، کە مەبەست لێی ڕاگرتنی ڕێز و شکۆی بەرانبەرە، یاخود دەوترێت خۆشەویستی نیشتیمان بێسنورە. کەواتە چەمکی سنور دەتوانرێت بە گەلێک واتاوە بەکاربهێنرێت، وەک (سنوری وڵاتێک، سنوری ڕێز، سنوری قەوارەیەک، سنوری جوگرافی، سنوری پێکهاتە و کەرەستەکانی زمان، سنوری ئەدەب، سنوری ئایین، سنوری خاک، ...هتد). بەم پێیە، چەمکی سنوردارێتی بە واتای دانانی مەرج و ڕێگری دێت، کە بە یاسا شتێک سنوردار دەکات.

### ١-٢) سنوردارێتی لە ئاستەکانی زماندا

چەند جۆرێک لە سنوردارێتی هەیە، کە لە هەموو ئاستەکانی زماندا بەدیدەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی سنوردارکردنەکان و ڕێگرییەکان بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشدەکرێن، کە بریتین لە ڕێگری ڕۆنانی، وەک ڕۆنانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی، هەروەها جۆری دووەمیان ڕێگری پراگماتیکییە. (Plag 2003: 61). هەوڵدەدەین لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا سنوردارێتی بخەینەڕو.

### ١-٢-١) سنوردارێتیی دەنگی

ئاستی دەنگ، یەکێکە لەو ئاستانەی زمان، کە سنوردارێتی تیایدا بەرچاودەکەوێت. سنوردارێتیی دەنگی ئاماژەیە بۆ ڕێژەی بەرزی، یان بیستنی دەنگەکان، کە کاریگەری لەسەر چۆنییەتی ڕێکخستن و پلەبەندی دەنگەکان لەناو برگەکاندا هەیە، چونکە هەموو دەربڕینێکی زمانی لە برگە پێکدێت. هەر زمانێک لە جیهاندا کاتێک لەگەڵ زمانێکی تردا بەراورد بکرێت، ئەوا دەبینرێت لەڕوی سنوردارێتیی دەنگی و سنوردارێتیی ئاستەکانی تری زمانەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، کە ئەمەش تایبەتێتی هەر زمانێک دەردەخات. (سڵح ٢٠١٢: ٥١). بە واتایەکی تر سنوردارێتی دەنگی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بۆچی دەنگە بزوێنەکان مەیلی ئەوەیان هەیە، کە چەقی برگە داگیربکەن. لە کاتێکدا ڕێگرییەکانی وەک وەستان و خۆلێدان لە پەراوێزی بزوێنەکاندا دەبینرێن. (حمد ٢٠٢٣: ٣٧).

### ١-٢-٢) سنوردارێتیی مۆرفۆلۆژی

پرۆسەی دروستکردن و دارشتنی وشە لە مۆرفۆلۆژیدا بە ڕەهایی نابینرێت، چونکە چەندین هۆکار هەن، کە کاردەکەنە سەر ڕادەی ئەم پرۆسانە. هەرچەندە هۆکارەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن، بەڵام یەکێک لەوانە هۆکاری سنوردارێتییە، کە ئەمەش پەیوەندی بە توانای وەرگرتن و وەرنەگرتنی مۆرفیمە بەندەکانە، لەلایەن مۆرفیمە سەربەخۆکانەوە هەیە، چونکە مۆرفیمە سەربەخۆکان سنورێکی دیاریکراو بۆ وەرگرتنی مۆرفیمە بەندەکان دادەنێن. بەشێوەیەک هەندێک جۆری گیرەکی وشەداڕێژ هەن، کە هەمان چەمک و واتایان تێدایە، بەڵام هەمان بنکە ڕێگە بە وەرگرتنی هەموو ئەو جۆرە گیرەکانە نادات. بۆ نمونە مۆرفیمێکی سەربەخۆی وەک (کورد) ڕێگە بە وەرگرتنی گیرەکی وشەداڕێژی وەک /-ستان/ دەدات، کە چەمکی گشتیی شوێن پیشاندەدات و ناوی شوێن وەک

(کوردستان) دروستدەکات، بەڵام ڕێگە بە وەرگرتنی گیرەکی وشەدارێژی وەک /-گە/ نادات، کە بە یەکێک لە گیرەکە بە تواناکانی بواری گەیاندنی چەمکی شوێن دادەنرێت. بڕوانە: (خۆشناو ۲۰۱٦: ۱٤۹-۱٥۱).

بەم پێیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە وشەی (کورد) جۆرێک لە سنوردارێتی مۆرفۆلۆژی تێدایە، کە ڕێگە بە گیرەکی /-ستان/ دەدات بچێتە سەری و واتاکەی لە نەتەوەی کوردەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبونی نەتەوەکە بگۆڕێت، بەڵام ڕێگە بە گیرەکی /-گە/ نادات، کە هەمان چەمکی شوێن لەم جۆرە گیرەکەدا هەیە. بۆ نمونە (*کوردگە) ڕێگەپێدراو نییە و لە دەربڕین و نوسیندا بەکارناهێنرێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، زۆرجار خودی گیرەکەکان خۆیان سنوردارێتی دروستدەکەن، چونکە یەکێک لەو هۆکارانەی، کە بەرهەمهێنان سنوردار دەکات، ئەوەیە کە هەندێک گیرەک هەن، تەنیا لەگەڵ کۆمەڵێک بنکەدا دێن و ناچنە سەر بنکەی تر، واتە ئەگەر بنکەکە سەر بە ئەو بەشەئاخاوتنە بێت، ئەوا دەچێتە سەری، بەپێچەوانەوە ئەگەر بنکەکە سەر بە بەشەئاخاوتنێکی جیاواز بێت، ئەوا گیرەکەکە ناچێتە سەری. بە واتایەکی تر ئەم جۆرە گیرەکانە تەنها بەو بنکانەوە دەلکێن، کە سەر بە ئەو پۆلەڕەگەزە بن. (کەرەمی ۱۳٦۹: ٤۸). بۆ نمونە گیرەکێکی وشەدارێژی وەک /-ەوان/، تەنها دەچێتە سەر بنکەیەک، کە ناو بێت، وەک (باخەوان، ئاشەوان، دەرگاوان، ...هتد). یاخود گیرەکی وشەدارێژی /-ەر/، تەنها دەچێتە سەر بنکەیەک، کە ڕەگی کردار بێت، وەک (خوێنەر، نوسەر، پارێزەر، ...هتد). کەواتە گیرەکەکانیش سنوردارێتی دروستدەکەن و هەندێکیان تەنها یەک جۆر بنکە هەڵدەبژێرن. هەرچەندە، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی و ڕەها نییە، چونکە هەندێک گیرەک هەن لەگەڵ زیاتر لە بەشەئاخاوتنێک دەردەکەون.

**1-2-۳) سنوردارێتیی سینتاکسی**

سینتاکس وەک ئاستێک لە ئاستەکانی زانستی زمان، بەپێی یاسا و ڕێسای زمانەکە، بریتییە لە ڕیزکردن و چۆنییەتی خستەپاڵ یەکتری کەرەستەکان و دیاریکردنی ئەو لێکدانانەی، کە لە زمانێکدا پەیڕەودەکرێن، چونکە هەر لە بنەڕەتدا زاراوەی سینتاکس بە واتای دانان و کۆکردنەوە، یان ڕێکخستن و گونجان دێت و پەیوەندیی نێوان هێماکان ڕێکدەخات. (Yule 2010: 96). بەشێوەیەکی گشتی، لە سینتاکسی زمانی کوردیدا چۆنییەتی ڕیزبوون و پێکەوەهاتنی کەرەستەکان لە ڕستەدا لەسەر شێوەی (S. O. V.) یان (S. V.) یە، واتە بەپێی جۆری ڕستەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام ئەوەی گرنگە و پێویستە لەڕوی واتای ڕێزمانییەوە نادروست نەبن.

لەم بارەیەوە، سنوردارێتی سینتاکسی، کە بە سنورداركردنی پێکهاتە سینتاکسییەکان ناسراوە، باس لە چارەسەری سنوری جوڵان و گۆڕینی کەرەستەکانی ناو ڕستە لە بنیاتی ڕستە و ڕێکخستنی پلەبەندی فرێز و پێکهاتەکان لەناو ڕستەکاندا دەکات. بە واتایەکی تر گرنگی بەو گۆڕانکارییانە دەدات، کە لە سنوری ڕستەدا ئەنجامدەدرێت، لەگەڵ ئەو بنەمایانەی، کە سنورداركردنەکە دەسەپێنێت، چونکە بەگشتی لە هەموو زمانەکانی جیهاندا کەرەستەکانی ناو ڕستە بۆ جوڵاندنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جۆرە ئازادییەکی سنورداریان هەیە، واتە سنور بۆ جوڵەی کەرەستەکان دادەنرێت و تەنها لە چەند شوێنێک پەیڕەو دەکرێت. (دزەیی ۲۰۱۳: ۱۱۳).

کەواتە دەتوانرێت بوترێت، هەر وشەیەک، یان کەرەستەیەک لەناو ڕستەدا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، کە ناگونجێت بۆ هەر وشەیەک و ڕۆنانێک لە هەموو شوێنێکی تردا بەکاربهێنرێت، واتە سنوردارێتیی ڕێزمانی و واتایی لەسەر پێگەی هەر وشەیەک هەیە، کە لادان لێی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕستەکە ناڕێزمانی بێت. (خۆشناو ۲۰۱٦: ۱۳۹-۱٤۰). بۆ نمونە:

۱-أ) منداڵەکە سێوەکەی خوارد.

ب) *منداڵەکە سێوەکەی دوێنێ.

پ) *منداڵەکە ئەوی خوارد.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی سەرەوە بەتایبەت (۱-ب، پ) بکەین، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتە سینتاکسییەکان لەڕوی چۆنییەتی هەڵبژاردن و لێکدانی کەرەستەکان لەناو ڕستەدا جۆرێک لە سنوردارێتیی سینتاکسی هەیە، چونکە وشەی (دوێنێ)، یاخود هەر بەشەئاخاوتنێک، بێجگە لە کردار ناتوانرێت لە جێکەوتەی سینتاکسی کردارەکە دابنرێت، چونکە ئەم جێکەوتەیە تەنها بە بەشەئاخاوتنی کردار پڕدەکرێتەوە. هەروەها بە هەمان شێوە هیچ

جێناوێک، یان کردارێک، یاخود بەشەئاخاوتنێکی تر، بێجگە لە ناو ناتوانرێت لە جێکەوتەی ناوی (سێو) دابنرێت. کەواتە سنورداریتی سینتاکسی پەیوەندی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە و ئاڵوگۆڕ و جێگرەوەیان لەناو ڕستەدا دیاریدەکات، چونکە پەیوەندی ڕێزمانی نێوان پێکهاتە سینتاکسییەکان، کە لەناو ڕستەدا وەریدەگرن، بەهۆی جێکەوتەی پێکهاتە تایبەتەکانی وەک (بکەر، بەرکار، کردار، ...هتد) دیاریدەکرێن.

**1-2-٤) سنورداریتیی واتایی**

واتا، کە بە کڕۆکی زمان دادەنرێت، وەکو هەموو ئاستەکانی تری زمان سنورداریتی هەیە، چونکە زمان پێرەوێکە لە کردەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کە تیایدا پێکهاتە ڕێزمانییەکان بۆ دەربڕینی واتا بەکاردەهێنرێن. هەر بۆیە سنورداریتیی واتایی لەسەر بنەمای نواندنی واتایی کەرەستەکانی ئارگۆمێنت-داواکەر دادەڕێژێت. بە واتایەکی تر ئەو پەیوەندییە واتاییەی، کە لەنێوان کردار، یان ئارگۆمێنت-داواکەر و ئارگۆمێنتەکانیدا هەیە، تا چەند ڕێگەپێدراو و گونجاو دەبێت. (Van Valin 2005: 31)، واتە کردار لە ڕستەدا نەک هەر ژمارەی ئارگۆمێنتەکان دیاریدەکات، بەڵکو تایبەتمەندییە واتاییەکانیشیان سنوردار دەکات. Fromkin and et al 2014:163)). بۆ نمونە:

٢- *ئازاد شاخەکەی خوارد.

ئەگەر سەیری نمونەی ژمارە (٢) بکەین، ئەوا دەبینین ڕستەکە لەڕوی سینتاکسی و ژمارەی ئارگۆمێنتەوە ڕستەیەکی تەواوە، بەڵام لەڕوی واتایی و جۆری ئارگۆمێنتەوە واتاکەی ناڕاستە، چونکە کرداری (خواردن)، ئارگۆمێنتێک سنوردار دەکات، کە هەڵگری نیشانەی واتایی (+خواردن) نەبێت، بەڵام لێرەدا ئارگۆمێنتی (شاخ) هەڵگری نیشانەی (-خواردن)ە، بۆیە نیشانە واتاییەکانی ئەم ئارگۆمێنتە لەگەڵ ڕۆڵی واتایی ئارگۆمێنت داواکەرەکەدا ناگونجێت و ڕێکناکەون. کەواتە کردار پەیوەندی نێوان کەرەستە زمانییەکان دیاریدەکات و حوکمی ئارگۆمێنتەکانی دەکات و لەڕوی واتاوە سنوریان بۆ دادەنێت و گرنگی بە ڕاستی ڕستەکان دەدات.

بەم پێیە، سنورداریتیی واتایی مەبەست لەو پەیوەندییەیە، کە لەنێوان دوو پارچەی دەربڕاو، یان زیاتردا هەیە، بەجۆرێک پارچەیەک لە دەربڕینەکە لەلایەن پارچەکەی ترەوە سنوردار دەکرێت. یان بەشێوەیەکی تر، ئەو پەیوەندییە واتاییە توندوتۆڵەیە، کە لەنێوان کەرەستەکانی دەربڕینێکدا هەیە و بۆتە هۆکاری ئەوەی گرێدانی کەرەستەکان بەشێوەیەک بێت، کە لەڕوی واتاوە ڕاست بن، یاخود دانانی وشەکان لە ژینگە و دەوروبەرێکدا، کە ناڕاستیی واتایی لێنەکەوێتەوە و بەئاسانی تێگەیشتن بۆ پێکهاتەکە هەبێت، چونکە هیچ دەربڕاوێکی دەنگی، یان نوسراو بەبێ سنورداریتیی واتایی پێکهاتەیەکی واتاڕاست نابێت. (عەبدولڕەحمان ٢٠٢٣: ٤٤).

هەر لەم ڕوانگەیەوە، هەندێک جار سنورداریتیی واتایی کۆتوبەند بۆ داڕشتنی وشەی نوێ دروستدەکات و بەرهەمداریتیی وشەکان کەم دەکاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر سەرنجی ئەمانەی لای خوارەوە بدەین:

٣-أ) ورگ + /-ن/ ← ورگن

ب) چڵک + /-ن/ ← چڵکن

پ) کوڵک + /-ن/ ← کوڵکن

وەک لە نمونەکانی (٣-أ، ب، پ)دا دەردەکەوێت، کاتێک گیرەکی وشەداڕێژی /-ن/، دەچێتە سەر ئەو بنکانە، ئاوەڵناوێک دروستدەکات، کە دەبێتە سیفەتێکی نەرێنی بۆ خاوەنەکەی، واتە ئەم گیرەکە ئاوەڵناو بە شێوەی نەرێنی سازدەکات، کەواتە نابێت بچێتە سەر ئەو بنکانەی، کە ببێتە وەسفێکی ئەرێنی بۆ خاوەنەکەی، وەک:

٤-أ) شۆخ + /-ن/ ← *شۆخن (بۆ کەسێکی زۆر شۆخ)

ب) عەقڵ + /-ن/ ← *عەقڵن (بۆ کەسێکی زۆر عاقڵ)

پ) شیر + /-ن/ ← *شیرن (بۆ مانگایەک زۆر شیر بدات).

سەبارەت بەم جۆرە سنورداریتییە، کە هۆکاری واتایی هەیە، دەوترێت سنورداریتیی واتایی، هەرچەندە ئەمەش بە ڕەهایی نابینرێت، چونکە هەندێک جار ئەم جۆرە گیرەکە دەگونجێت واتای ئەرێنیش بدات. بۆ نمونە وەک: (گۆشتن، شەرمن)، بەڵام بەزۆری پەسەندی واتای نەرێنی دەکات. (کەرەمی ١٣٦٩: ٥٣)، کەواتە هەندێک جار لایەنی واتا لەبەردەم فۆرمێکدا دەبێتە ڕێگر و سنورداری دەکات. بەو پێیەی سنوری واتاسازی لە واتای فەرهەنگی

هێما زمانییەکان و ئەو دەربڕینانە دەکۆڵێتەوە، کە ڕێزمان و یاسا زمانییەکان دروستدەکەن، هەر گۆڕانکارییەک لە ئەرکە ڕێزمانیەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا.

**٥-2-1) سنوردارێتیی بەکارهێنان**

مەبەست لە سنوردارێتیی بەکارهێنان ئەوەیە، مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات، کە دەربڕینەکان لەڕوی بەکارهێنان و واتاوە گونجاو بن، چونکە واتا و لۆژیک لەناو هزر و زەینی مرۆڤدا کاردەکەن و پشت بە ڕاستییە زمانی و فۆڕمییەکان دەبەستن و ڕاستی هەر یەکێکیان پابەندە بە ڕەفتاری عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵییەکان، ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە پەیوەندی بەهێز لەنێوان واتا و لۆژیک لە بەکارهێناندا هەبێت. (حسەین ٢٠١٢: ٢٨٧).

هەروەها لەنێوان ئاخێوەر و گوێگردا دەبێت بنەمای هاریکاری و لێکتێگەیشتن هەبێت، بەپێی ئەم بنەمایە ئاخاوتن بەڕێوەدەچێت، واتە قسەکەر دەبێت دەربڕینەکانی دروست بن و تەمومژاوی نەبن، لە بەرانبەردا گوێگریش دەبێت هاوکار بێت و لە وەڵامدانەوەدا لە بابەتەکە لانەدات. بەم پێیە، لە کاتی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکاندا دەبێت ڕەچاوی بنەمای چۆنییەتی و گونجان و شێوازی دەربڕینەکان بکرێت، چونکە لە سنوردارێتیی بەکارهێناندا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە وەکو بنەمایەکی پەیوەندیدار، دەبێت مرۆڤ تەنها ئەو شتانە بڵێت، کە پەیوەندی بە گفتوگۆکانەوە هەیە، واتە خۆی لە شتی زیادە و ناپێویست بپارێزێت و تەنها ئەو شتانە دەربڕێت، کە پێویستن، چونکە ئەو واتایەی لە بەکارهێنانی دەربڕاوە زمانییەکاندا لێکدەدرێتەوە، بریتییە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و بەکارهێنەرانی ئەو فۆڕمانە، کە بۆ تێگەیشتن گرنگن. (Yule 1996: 4).

لەم ڕوانگەیەوە، قسەکەر و گوێگر لەکاتی ئاخاوتندا مەبەستیانە پەیوەندییەکی باش و کاریگەر ئەنجامبدەن، بە ڕەچاوکردنی هەندێک سنوردارێتی لە بەکارهێناندا. هەر لادانێک، یان بەزاندنی سنوری ئەو بنەمایانە، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی واتای دووەم بێتە ناوەوە، کە ئەویش واتای پراگماتیکییە، چونکە پراگماتیک سنوردارێتییەکان تێکدەشکێنێت. لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر واتای پراگماتیکی بە سنوردارێتی دروست نەبێت، ئەوا دەگونجێت لە دوای پێکهاتن و بەکارهێنان خۆی ببێتەوە بە سنوردارێتی. (حمد 2023: 51). بۆ نمونە ئەگەر سەیری ئەم بەکارهێنانەی خوارەوە بکەین:

٥- پێم دەخورێت.

لە نمونەی ژمارە (٥)دا، بەبێ بەکارهێنانی دەوروبەر، بە دوو واتای جیاواز دێت، وەک (قاچم دەخورێت)، (دەتوانم بیخۆم). واتە لێرەدا دەوروبەر ڕۆڵ لە سنوردارێتیی بەکارهێناندا دەبینێت، کە یارمەتیدەرە بۆ ئاسان تێگەیشتن لە واتا و مەبەستی قسەکەرەکە.

**٣-1) ئابوریکردن لە زماندا (چەمک و لێکدانەوە)**

هەرچەندە، بەپێی هەندێک بۆچوون ئابوریکردن کەمتر پەیوەندی بە زانستی زمانەوە هەیە، بەڵام لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا هەوڵدراوە بە زمانەوە پەیوەستی بکەن. مێژووی پەنابردن بۆ ئابوریکردن لە زماندا بۆ سەدەی (١٧) و (١٨) دەگەڕێتەوە، بەڵام چەمکی ئابوریکردن لە کۆتایی ساڵانی (١٩٨٠)دا لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا پەرەیسەندووە، ئەویش ئەو کاتە ئەم بیرە هاتەئاراوە، کە هەوڵدرا بۆ ئەوەی زمانێک دروست بکرێت، کە خەڵکی هەمووی پێی بنوسن و بخوێننەوە. (حەمید ٢٠١٥: ٦٠). لە پەرەسەندنی ئەم پرۆگرامەدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری قۆناغە سەرەتاییەکانی پێوەدیارە. بچوکترین پرۆگرام وەک بەرنامەیەک هەوڵدەدات چەمکی سروشتی وەکو: ئاسانی (Simplicity)، ئابوریکردن (Economy)، گونجان (Symmetry)، دووبارەنەبونەوە (Nonredundancy) بێنێتەکایەوە. واتە بچوکترین پرۆگرام دان بە دوو ئاستدا دەنێت، بەناوی فۆڕمی فۆنەتیکی و فۆڕمی لۆجیکی، لەبەرئەوەی لەڕوی زمانەوانییەوە دوو ئاستی زۆر گرنگن. (ڕەسوڵ ٢٠١٣: ١٢٢).

بنەمای ئابوریکردن لە زماندا و بەکارهێنانی کەمترین وزە لە ئاخاوتندا بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، هەمیشە لە هەوڵدایە بە کەمترین وزە، زۆرترین بەرهەم و دەستکەوتی لە کار و چالاکییەکانیدا

هەبێت، بۆیە هەمیشە ئەو ڕێگایانە دەگرێتەبەر، کە پێویستی بە کەمترین ماندوبونی ماسولکەیی هەیە، واتە مرۆڤ لە ئاخاوتندا ئابوری لە دەربڕینی دەنگەکانی زماندا دەکات، لە پێناو کەمتر وزە بەفیڕۆدان و کەمتر ماندوبونی ئەندامەکانی ئاخاوتن و هەوڵدەدات ئاسانترین ڕێگا هەڵبژێرێت. (ساڵح ٢٠١٢: ٥٣).

کەواتە چەمکی بنەڕەتیی بنەمای ئابوریکردن لە زماندا ئەوەیە، کە ئاخێوەرانی زمان هەوڵدەدەن کەمترین کۆشش بۆ بەرهەمهێنان و درککردنی زمان بەکاربهێنن، ئەمەش بە سودوەرگرتن لە سادەترین ڕێگا. لەمەوە بەپێی بنەمای ئابوریکردن دەبێت توخمە زمانییەکان تا کەمترین ڕادەی ڕێتێچوو کورت بکرێنەوە. واتە زۆرترین چەمک بە کەمترین فۆڕم دەربڕین. لەم ڕوانگەیەوە، ئابوریکردن کە بنەمایەک، یان ئاراستەیەکە لەنێوان هەموو زیندەوەراندا هاوبەشە، لەوانەیە ناوبنرێت بە "بنەمای کەمترین هەوڵدان"، واتە کەمترین بڕی هەوڵدان، کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ئەنجام، بە شێوەیەک هیچ شتێک بەفیڕۆ نەچێت. (Vicentini 2003: 38).

**٤-1) ئابوریکردن لە ئاستەکانی زماندا**

پرۆسەی ئابوریکردن لە زماندا، هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ لە کاتی قسەکردندا لە دەربڕینی بچوکترین کەرەستەوە، کە فۆنێمە بۆ گەورەترین کەرەستە، کە ڕستە و دەق و گوتارە، هەمیشە هەوڵی ئابوریکردن دەدات، لەبەرئەوەی پرۆسەی ئابوریکردن پەیوەندی بە بەکارهێنانی وزەوە هەیە. هەوڵدەدەین لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا ئەم پرۆسەیە بخەینەڕو.

**1-٤-١) لە ئاستی دەنگدا**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئابوریکردن تایبەتە بە ئاستی دەنگناسی، دوای ئەویش فۆنۆلۆژی، لە فۆنۆلۆژیدا (پاوڵ پاسی – P. Passy) لە ساڵی (١٨٩٠)دا لە باسکردنی سیستەمی دەنگەکانی زماندا ڕایگەیاند: زمان بەردەوام بەرەو ئاسانی دەربڕین دەچێت. بەپێی پێوەرەکانی ئابوریکردن، ئەگەر شیکارێک ببێتە هۆی ناسینی ژمارەیەکی کەمتری فۆنێم، ئابوریترە لە شیکارێک، کە ژمارەی زۆرتری فۆنیم پەسنددەکات. لەم بارەیەوە، دەتوانرێت بوترێت، ڕێگاچارەیەک ژمارەیەکی کەمتری یاسا بەکاربهێنێت ئابوریترە لە ڕێگاچارەیەک، کە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆرتری یاسا هەیە. (حمید 2015: 60).

هەروەها گۆڕانکارییەکان لە ئاستی دەنگدا، وەک گۆڕانی دەنگێک بە دەنگێکی تر، یاخود لابردنی دەنگێک بە مەبەستی ئاسانی دەربڕین، ...هتد. دەچێتە چوارچێوەی ئابوریکردنەوە، چونکە بنەمای سەرفکردنی کەمترین وزە بە هۆکارێک بۆ گۆڕان دادەنرێت، گۆڕانیش زمان بەرەو لاوازی و تێکچون نابات، واتە مەرج نییە گۆڕان، وەک هەندێک کەس باوەڕیان وابوو، زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندنەوە بەرێت، بەڵکو گۆڕان لەوانەیە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزەپارێز بێت، بۆیە زمانەکانی جیهان بەردەوام لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕابگرێت، چونکە گۆڕان بەپێی یاسا و دەستور ڕوودەدات و لەخۆوە نابێت، هەر لەبەر ئەمەشە، کە تەنیا چەند جۆرێک لە گۆڕان لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و ئەمانەش بە گۆڕانی ئاسایی دادەنرێن. (فتاح ٢٠١١: ١١٨-١١٩).

لە زمانی کوردیدا قسەپێکەرانی زمانەکە، ئەگەر دوو فۆنێمی لێکچوو، یان دووبارە بەدوای یەکتردا هاتن، ئەوا بە مەبەستی ئابوریکردن و ئاسانی دەربڕین، یەکێکیان دەرنابڕن، بە مەرجێک ئەم دەرنەبڕینە کار نەکاتە سەر گۆڕینی واتا، بۆ نمونە:

٦-أ) ڕێک + کەوتن ← ڕێکەوتن

ب) کورت + تر ← کورتر

پ) بڵند + تر ← بڵنتر

کەواتە ئابوریکردن لە زماندا بە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرنەبڕینی دەنگە زمانییەکان دادەنرێت. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە قسەکەر دەیەوێت بە کەمترین وزە زۆرترین واتا، کە مەبەستیەتی بە گوێگر بگەیەنێت، بە

مەبەستی ئەوەی وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ نەدات. واتە زۆرترین ئەو گۆڕانانەی، کە لە زماندا ڕوودەدات بۆ ئەو ئارەزووە دەگەڕێتەوە، کە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین لە مرۆڤدا هەیە. بە واتایەکی تر هەموو گۆڕانێک بە مەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن. بەم پێیە، هەموو گۆڕانە دەنگییەکان هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین. (هەمان سەرچاوە: ١٢٩).

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، کەوا گۆڕانی دەنگەقورس و گرانەکان لە دەربڕیندا بۆ دەنگە ئاسانەکان دیاردەیەکە زاناکانی زمان و دەنگ وەریانگرتووە و چەسپاوە، هەتا بووە بە تیۆرێک، کە کێش و ئەنجامی زانستی جێگیری هەیە و ناونراوە (تیۆری ئاسانکاری)، یاخود بە یاسای کەمترین وزە Law of least effort)) ناسراوە. (ساڵح ٢٠١٢: ٥٩-٦٠).

## ١-٤-٢) لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

مۆرفۆلۆژی وەک زانستێک لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە، وشەکانیش لە مۆرفیمێک، یان زیاتر پێکدێن. کەواتە کەرەستەی بنیاتی مۆرفۆلۆژی، مۆرفیم و وشەیە. بۆیە ئاستی مۆرفۆلۆژی یەکێکە لەو ئاستانەی، کە ئابوریکردن تیایدا بەرچاودەکەوێت، چونکە کاتێک ئەو وشانە بەکاردەهێنرێن بەر پرۆسەی ئابوریکردن دەکەون، ئەمەش قورسایی لەسەر بیر و هۆش و مێشکی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئابوریکردن لە وشە بەکارهاتووەکاندا نەکرێت، ئەو کاتە مێشکی مرۆڤ تواناى وەرگرتنی پێکهاتە نوێیەکانی نابێت.

لەلایەکی تریشەوە، لێکچوونێکی زۆر لەنێوان وشە و سەروەت و سامانی مرۆڤدا هەیە، چونکە هەردووکیان ئامرازی گۆڕینەوە و پێویستی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتین، بۆیە وشەیان بە سامان چواندووە. بەم پێیە، گرنگی و بایەخی وشە لە سامان کەمتر نییە، هەر بۆیە وتراوە (قسە ئەگەر لە زێڕیش نەبێت، ئەوا لە زیوە)، واتە هەر وەک چۆن مرۆڤ لە بەخشینی پارەدا دەست دەگرێتەوە، بە هەمان شێوە مرۆڤ لە بەخشینی وزەدا لەپێناو سەرفکردنی کەمترین وزەدا دەم دەگرێتەوە. (ساڵح ٢٠١٢: ٩٩).

هەر لەم ڕوانگەیەوە، بەپێی هەندێک بۆچون، بنەمای ئابوریکردن لە مۆرفۆلۆژیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێویستە داڕشتنەکان بە کەمترین وزە ئەنجامبدرێن. واتە ئەو داڕشتنانەی تێچوویان کەمە لەبارترن لەو داڕشتنانەی، کە تێچوویان زۆرترە. بەم پێیە، مەرجەکانی ئابوریکردن لە داڕشتندا دەریدەخەن، کە چۆن بەهای داڕشتنێک دەژمێردرێت. (ڕەسوڵ ٢٠١٣: ١٣٢). هەروەها شێوازێکی تری ئابوریکردن لە مۆرفۆلۆژیدا بریتییە لە پێکهاتەی مۆرفۆفۆنیم، کە ئەم پێکهاتەیە پەیوەندی بە هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە هەیە و لە ئەنجامی کارلێکی هەردو و ئاستەکەوە دێتەئاراوە، واتە مۆرفۆفۆنیم ئاستێکی زمانەوانییە باس لە شیکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەو هۆکارە فۆنۆلۆژییانە دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر دەرکەوتنی مۆرفیمەکان هەیە، یاخود ئەو هۆکارە مۆرفۆلۆژییانەی، کە کاریگەرییان لەسەر دەرکەوتنی فۆنیمەکان هەیە. (Crystal 2003: 315). بەڵام ئەوەی، کە لێرەدا زیاتر مەبەستمانە بەپێی ئەو بنەمایەی، کە مۆرفۆفۆنیم ئاماژەیە بۆ ئەو تاکە مۆرفیمانەی، کە لەڕووی فۆڕمەوە لە یەک فۆنیم پێکدێن، بۆیە دەتوانرێت بوترێت مۆرفۆفۆنیم لەڕووی ئابوریکردنەوە گرنگییەکی زۆری بۆ زمان هەیە.

هەر لەم بارەیەوە، یەکێک لەو دیاردانەی، کە ئابوری زمان دەسەلمێنێت، بریتییە لە بوونی مۆرفیم یان مۆرفی سفر، کە ڕۆڵێکی چالاک لە ئابوریکردندا دەگێڕێت. بەو پێیەی، کە بوونی فیزیکی نییە؛ واتە ئەم جۆرە مۆرفیمە نیشانەی بوونی ئابوری زمانە، کە دەتوانرێت فۆڕمی زمان ئەوەندە کورت بکرێتەوە، کە فۆڕمی نەبێت، ئەمەش ئەوپەڕی ئابوریکردن نیشاندەدات. هەروەها مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان، کە لە سینتاکسدا ئەرکیان هەیە، ئەمانەش ئابوریکردنیان تیادا دەردەکەوێت. بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا نەبوونی نیشانە بۆ تاک و بوونی نیشانە بۆ کۆ نیشانەی ئابوریکردنە؛ واتە بۆ ناوی کۆ نیشانە هەیە، بەڵام ناوی تاک نیشانەی نییە. ئەمەش بواری ئابوریکردنە، کە ڕێگە دەدات لەنێوان دوو چەمکی بەرانبەردا نیشانە بۆ تاک نەبێت و بۆ کۆ هەبێت.

**١-٤-٣) لە ئاستی سینتاکسدا**

یەکێک لەو ئاستانەی، کە ئابوریکردن تیایدا چالاکە، بریتییە لە ئاستی سینتاکس، چونکە دارشتنە سینتاکسییەکان بەپێی بنەماکانی ئابوریکردن ڕستەکان هەڵدەسەنگێنن. ئەم بنەمایانە بە مەودای دارشتنە جیاوازەکان بەراورد دەکرێن. لەم بارەیەوە، چۆمسکی لە ساڵی (١٩٩٥) بەفراوانی لە دوو بۆچونی کۆڵیوەتەوە، ئەوانیش کەمترین وزە و دواچارە. ئەمانە وەک هۆکارەکان گفتوگۆیان لەسەر کراوە، کە پێویستە بە هەر شێوەیەک بێت، لە کارکردنی سیستەمی ژمێرکاری زمانی مرۆڤدا گرنگیان پێبدرێت. مەبەست لە دواچارە ئەوەیە، کە لە کردە سینتاکسییەکاندا پەنا بۆ باشترینیان ببرێت، واتە ئەو کردانەی، کە کەمترین وزە داوا دەکەن. (ڕەسوڵ ٢٠١٣: ١٣١-١٣٢).

هەر لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆنانە سینتاکسییەکان بە فراوانبوونی چەمکەکان لەڕوی فۆرمیشەوە فراوانتر دەبن، بەڵام ڕێگرییەک لە بەردەم فراوانتر بوونی فۆرمە زمانییەکان هەیە. هۆکاری ئەمەش ئابوری زمانە، کە وا دەکات فۆرمەکان بێکۆتا ئاڵۆز و فراوان نەبن. بۆ نمونە بڕوانە ئەم ڕستانەی لای خوارەوە:

٧-أ) من سێوەکەم خوارد.

ب) من وام کرد سێوەکە بخورێت.

٨-أ) من سێوەکەم بە ئازاد خوارد.

ب) من وام کرد، کە ئازاد سێوەکە بخوات.

٩-أ) من بوومە هۆی ئەوەی ئازاد سێوەکە بخوات.

ب) من بوومە هۆی ئەوەی، کە ئازاد وا بکات سێوەکە بخوات.

ئەگەر سەرنجی ڕستەکانی سەرەوە بدەین، ئەوا دەبینین هەموویان ڕستەی کۆزەتیڤ (هۆکار)ین، بەڵام ڕستەی (٧-أ) لە هەموویان سادەترە، لە ڕستەکانی تریشدا تا چەمکەکە ئاڵۆزتر بێت، فۆرمەکانیش ئاڵۆزتر دەبن. بەو پێیەی فۆرمەکان ڕەنگدانەوەی ئەزمونن، تا چەمکەکان ئاڵۆزبن، بەڵام لە ڕاستیدا بەم شێوەیە نابینرێت، چونکە فۆرمەکان ئەوەندە ئاڵۆز نابن بە قەد چەمکەکان تا دەگاتە بێکۆتا، هۆکاری ئەم ڕێگرییەش بە ئابوری زمان دەزانرێت، چونکە ئابوریکردن هەوڵدەدات فۆرمەکان بچوکتر بن. هەر بۆیە لە فۆرمە ئاڵۆزەکان بەتایبەت ڕستەی کۆتایی (٩-ب) زۆر کەمتر بەکاردێت.

هەروەها یەکەیەکی تری زمان، کە بەشێوەیەکی زۆر چالاکانە بواری ئابوریکردنی لە سینتاکسدا تیایدا بەرجەستە دەبێت، ئەویش بریتییە لە مۆرفۆسینتاکس، ئەم زاراوەیە هەڵقوڵاوی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە، کە بریتییە لە نواندنی ڕستەیەک بە مۆرفیم، یاخود بە جێناوکردنی بکەر و بەرکار لەناو دروستەی کرداردا، ئەمەش لە کاتێکدا، کە هەر یەک لەوانە دەرنەبڕان. واتە پرۆسەیەکە تایبەتمەندیی سینتاکتیکی وشەفەرهەنگییەکان دەردەخسێنێت و بۆشاییەکانی پێکهاتەی فرێز و ڕستەکان بیرکارییانە لە ڕێگەی گونجان و هاوتابوونی پێکهێنەرەکانیانەوە پردەکاتەوە و تێگەیشتن دێنێتەئاراوە. (قادر ٢٠٠٣: ١٨). بۆ نمونە ئەگەر سەیری ڕستەکانی (١٠-أ، ب)ی خوارەوە بکەین، کە بەهۆی دیاردەی مۆرفۆسینتاکسەوە دەتوانرێت چەندە ئابوری لە دەربڕینی کەرەستە زمانییەکان بکرێت.

١٠-أ) من دوێنێ سەعات چواری ئێوارە تۆم لە شاری هەولێر بینی.

ب) بینیمیت.

دیارە بەهۆی ئەم یەکە زمانییەوە، کە مۆرفۆسینتاکسە چەند چەمک و واتایەک لە یەک فۆرمدا کۆبونەتەوە. واتە دەتوانرێت ڕستەکە ئەوەندە بچوکبکرێتەوە بۆ وشەیەک، کە ئەمەش لە ڕێگەی جێناوە لکاوەکانەوە ئەنجامدراوە، چونکە ڕەگی کردار دوو پێویستی سەرەکی هەیە، کە بە خورتین (Obligatory)، ئەوانیش مۆرفیمە بەندەکانی کات و جێناوە لکاوەکانن، تەنیا ئەوانەی بۆ بکەر و بەرکاری ڕستەکە دەگەڕێنەوە، پێویستییە لاوەکیەکانیش سەرپشکین (Optional)، کە دەتوانرێت لاببرێن. (ڕەسوڵ ٢٠٠٦: ٥).

هەرچەندە، کاتێک دەتوانرێت ئەم ئابوریکردنە ئەنجام بدرێت، ئەگەر هاتوو چەمکەکە بۆ قسەکەر و گوێگر پێشبینیکراو بێت و هەموو ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ڕستەی تێدا بێت، چونکە مۆرفۆسینتاکس ناوەڕۆکێکی ناڕونی هەیە، مەرنج نییە بە ناوەڕۆکی سینتاکسی یەکسان بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە مۆرفۆسینتاکس بۆ ئابوریکردنە و ڕۆڵ و گرنگی باشی لەو بوارەدا هەیە.

**١-٤-٤) لە ئاستی واتادا**

لەم ئاستەشدا ئابوریکردن لە کۆششی بیر و ماسولکەییدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە واتا پەیوەندی بە لایەنی بیر و هزر و دەرونی مرۆڤەوە هەیە. ئەو یەکە زمانییانەی، کە لە ئاستی واتادا زۆرترین ئابوریکردنیان پێوە دیارە، بریتین لە (هاوبێژی، فرەواتایی، هایپۆنیم، ئیدیۆم، ...هتد). هەوڵدەدەین بەکورتی گرنگی هەر یەکێکیان لەڕووی ئابوریکردنەوە بخەینەڕو.

**١-٤-٤-١) هاوبێژی (Homonymy)**

بریتییە لەو وشانەی، کە لە خوێندنەوە و نوسیندا وەکو یەکن، بەڵام لە واتاکانیاندا جیاوازن. (عەلی ٢٠١٩: ١١٤)، واتە ئەو وشانەی، کە لە زمانی کوردیدا پێیاندەوترێت هاوبێژی یەک فۆرمیان هەیە، بەڵام لە فەرهەنگدا چەند دەروازەی جیاوازیان بۆ دەکرێتەوە. لەم جۆرە وشانەدا هەست بە ئابوری دەکرێت. بۆ نمونە وشەی (تاڵ)، کە هاوبێژە یەک فۆرم بە چەند واتای جیاواز بەکاردێت.

١١-أ) تاڵ١: تامی خواردنەکە تاڵە.

ب) تاڵ٢: تاڵی قژ

پ) تاڵ٣: بۆ ڕەنگی گیاندار بەکاردێت وەکو دەوترێت (ئەسپە تاڵە).

کەواتە لێرەدا یەک فۆرم هەیە، بۆ چەندین چەمکی جیاواز بەکاردەهێنرێت، کە ئەمەش جۆرێکە لە ئابوریکردن.

**١-٤-٤-٢) فرەواتایی (Polosemy)**

بریتییە لە دانەیەکی فەرهەنگی بە زنجیرەیەک واتای جیاوازەوە، یاخود وشەیەک بە ژمارەیەک واتاوە پێی دەوترێت فرەواتایی. (قادر ٢٠٠٠: ١٠)، واتە وشەیەک چەند واتایەکی هەیە، بەڵام واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن و بە یەک وشە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، واتە بە یەک دەروازەی فەرهەنگی دەنوسرێن. زمانەوانەکان زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە فرەواتایی زمان بەهێز دەکات، چونکە یەک وشە فێرببیت کۆمەڵێک واتا دەزانیت. بۆ نمونە:

١٢) هەڵچوون: ١- نەمامەکە هەڵچوو. ٢- شیرەکە هەڵچوو. ٣- پیاوەکە هەڵچوو.

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا، فرەواتایی سوودی زۆری بۆ ئابوریکردن هەیە، چونکە ئەگەر بۆ هەموو دیاردە و شتێک، کە لە دەرەوەی زماندا هەیە، لەناو زمانیشدا ناوێکی بۆ دابنرێت، ئەوا بارێکی گران دەخاتەسەر مێشکی ئاخێوەرانی زمان، بۆیە تەنها لە ڕێگەی وشەیەکەوە کۆمەڵێک پێداویستی زمان پڕدەکرێتەوە.

**١-٤-٤-٣) داپۆشین (Hyponym)**

داپۆشین، یان گرتنەوە بەم شێوەیە باسکراوە، کاتێک واتای یەک فۆرم لە واتای فۆڕمێک، یان چەند فۆڕمێکی تردا بوونی هەیە، بەو پەیوەندییە دەوترێت داپۆشین (هایپۆنێم). (Yule 2010: 118)، کەواتە مەبەست لە هایپۆنێم ئەوەیە، کە دوو وشە، یەکێکیان واتاکەی گشتی بێت و ئەوی تریان تایبەتی بێت، لەم بارەدا واتا گشتییەکە واتا تایبەتییەکە دادەپۆشێت. بە واتایەکی تر واتا تایبەتییەکە دەچێتە ناو واتا گشتییەکەوە.

بەم پێیە، هایپۆنێم بە واتای کۆکردنەوەی کۆمەڵێک شت، یان کەس لەژێر یەک ناونیشاندا دێت، بە شێوەیەک واتای یەکێکیان ئەوەندە فراوان بێت، کە بتوانێت واتای وشەکەی تریش بگرێتەوە. بۆ نمونە بە کۆمەڵێک وشەی وەک (سەگ، پشیلە، کەروێشک، ...هتد)، لەژێر یەک وشەدا کۆدەکرێنەوە، کە واتایەکی گشتی هەیە و پێی دەوترێت (ئاژەڵ)، کە ئەمەش دەبێتە ئابوریکردن لە هزر و زماندا، لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵێک وشە دەربڕین، بە یەک وشە واتای هەموویان دەگەیەنێت. بۆ نمونە:

١٢-أ) من حەزم لە بەخێوکردنی سەگ و پشیلە و کەروێشک و ...هتد.

ب) من حەزم لە بەخێوکردنی ئاژەڵە.

**١-٤-٤-٤) ئیدیۆم (Idiom)**

ئەو دەربڕینە زمانییەیە، کە لە وشەیەک، یان زیاتر پێکدێت. ناتوانرێت واتاکەی لە واتای تاکە وشەکانیەوە پێشبینبکرێت. مەبەست لەوەیە، کە واتای ئیدیۆم لە واتای فەرهەنگی تاکە وشەکانییەوە نەهاتووە. هەروەها لەڕوی فۆڕمەوە چەسپاو و جێگیرە و بووە بە قاڵبێک لە زماندا جێگیر بووە، هەر بەو فۆڕمە ئامادەکراوە دەناسرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانرێت بوترێت، کە ئیدیۆم لەڕوی ئابوریکردنەوە سودی زۆری هەیە، چونکە زۆر جار بۆ دەوڵەمەندکردن و دەرخستنی لێهاتوویی زمانی لە کاتی گفتوگۆکردن و تەنانەت نوسینیشدا، بە مەبەستی گەیاندنی چڕترین و قوڵترین واتا، بە کەمترین یەکەی زمانی پەنا دەبرێتە بەر دەربڕاوی ئامادەکراو لە زماندا، کە ئەویش ئیدیۆمە؛ واتە ئەم دەربڕاوانە بۆ مەبەستی کورتبڕی و ئاسانکاری و ئابوری لە گفتوگۆدا بەکاردەهێنرێن. (حسەین ٢٠٠٩: ١١)، بۆ نمونە ئەگەر سەیری ئەم دەربڕاوانەی لای خوارەوە بکەین:

١٣-أ) کونەبا واتە (سەرچاوەی فیتنە و ئاژاوە).

ب) دانی مار واتە (زۆر زیرەک و بزێوە زوو دەگاتە ئەنجام).

پ) پایزە برا واتە ( بە یەکێک دەوترێت، کە دەرەنگ دەرکەوێت و کاتێکیش دەردەکەوێت، کە کارێکی هەبێت).

بەم پێیە، وەک لە نمونەکانی (١٣-أ، ب، پ)دا دەردەکەوێت، لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەرەستەی کەمەوە، کە واتای ئیدۆمییان هەیە، دەتوانرێت واتایەکی زۆر و فراوان بگەیەنرێت، کە ئەمەش جۆرێک لە ئابوریکردن دەگەیەنێت.

**بەشی دووەم: سنوردارییەکانی ئابوریکردن لە فەرهەنگدا**

**1-2) ئابوریکردن و فەرهەنگ**

بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ هەمیشە لە قسەکردنی ڕۆژانە و نافەرمیدا مەیلی ئابوریکردنی لە دەنگ و واتادا هەیە. واتە ئەو حەز و خولیایەی، کە مرۆڤ بۆ ئابوریکردن هەیەتی، لەپێناو کەمکردنەوەی وزەی ئەندامەکانی ئاخاوتن و ئاسانی دەربڕین و گۆکردندایە، بەڵام ئەوەی، ئابوریکردن سنورداردەکات فەرهەنگە، چونکە فەرهەنگ کەرەستەکان بەشێوەی ئابورییانە تۆمارناکات. هەوڵدەدەین بەشێک لەو کەرەستانەی، کە لە بەکارهێناندا دەتوانرێت ئابورییان تێدا بکرێت و بەو شێوازەی، کە لە فەرهەنگی (مەردۆخ)یدا تۆمارکراون، بەم شێوەیەی لای خوارەوە لە خشتەی ژمارە (١)دا بخەینەڕو:

| ژ | ئابوریکردن | فەرهەنگ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئاگرپەرس | ئاگرپەرست | گاور |
| ٢ | ئەمڕۆ | ئەمڕۆژە | |
| ٣ | ئالک | ئالیک | بە واتای کاوجۆ، یاخود زیاتر بۆ (جۆ) بەکاردێت، کە دەدرێت بە ئاژەڵ. |
| ٤ | ئاسا | ئاسایی (وەکو) | بۆ نمونە شێرئاسا. |
| ٥ | ئاشەتەنورێ | ئاشەبەتەندوورە | یارییەکی منداڵانەیە. |
| ٦ | ئاودەس | ئاودەست | پێشاو |
| ٧ | ئاوڕێژ | ئاوڕێژگە | شوێنی ڕژانی ئاوی شاخ، کە بەرەو بنار دادەگەڕێت. |
| ٨ | بتپەرس | بتپەرست | ئەو کەسەی خوای دەستکرد دەپەرستێت. |
| ٩ | بوێ | بوێت | |
| ١٠ | بۆیە | بۆیاخ | کە پێڵاو و کەلوپەلی پێ بۆیاخ دەکرێت. |
| ١١ | بەدمەس | بەدمەست | زۆر سەرخۆش |
| ١٢ | بەر | بەرهەم | |
| ١٣ | بەربەس | بەربەست | |
| ١٤ | بەردار | بەرهەمدار | خاوەن بەرهەم |
| ١٥ | بێ | بەبێ، بێجگە | بێ کەس و بێ شت |
| ١٦ | بیس | بیست | بۆ نمونە دەوترێت (ژمارەیان بیس کەس دەبوو). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧ | پاداش | پاداشت | قەرەبووکردنەوەی چاکە، یان خراپە. |
| ١٨ | پاس | پاسەوانی | ئاگاداری، چاودێری |
| ١٩ | پاشا | پادشا | زۆرجار بەمەبەستی ئابوریکردنی زیاتر تەنیا دەوترێت (شا). |
| ٢٠ | پاڵ | لاپاڵ | قەدپاڵی چیا |
| ٢١ | پرس | پرسیار | |
| ٢٢ | پەت | پەتک | گوریسی ئەستور |
| ٢٣ | پەسەن | پەسەند | |
| ٢٤ | تا | هەتا | |
| ٢٥ | جوو | جوولەکە | |
| ٢٦ | جێ | جێگە | |
| ٢٧ | جیا | جیاواز | |
| ٢٨ | چا | چاک | |
| ٢٩ | چا | چایی | |
| ٣٠ | چارەک | چواریەک | واتە (یەک بەش لە چوار بەش). |
| ٣١ | چەشە | چەشتە | ئەو چێژەی، کە بۆ نێچیری دادەنێن. |
| ٣٢ | حەقەت | حەقیقەت | دروست، ڕاستەقینە |
| ٣٣ | خاتو | خاتوون | وشەی ڕێز بۆ ژنان |
| ٣٤ | خوا | خودا | پەروەردگار، یەزدان |
| ٣٥ | خواپەرس | خوداپەرست | |
| ٣٦ | خوادان | خواپێدان | |
| ٣٧ | خۆپەرس | خۆپەرست | |
| ٣٨ | خەسەخانە | خەستەخانە | نەخۆشخانە |
| ٣٩ | داربەس | داربەست | وەک (داربەستی وەستایی) |
| ٤٠ | دارسان | دارستان | جەنگەڵستان، لێڕەوار |
| ٤١ | دارودەسە | دارودەستە | دەسوپێوەند، شوێنکەوتو |
| ٤٢ | دەر | دەرەوە | دەشت و دەر |
| ٤٣ | دەس | دەست | لەسەر پەنجەوە هەتا سەر شان |
| ٤٤ | دەسبەن | دەستبەند | |
| ٤٥ | دەور | دەوران | سەردەم |
| ٤٦ | دێ | لادێ | گوند |
| ٤٧ | دان | ددان | |
| ٤٨ | دروسکردن | دروستکردن | |
| ٤٩ | ڕێ | ڕێگە/ڕێگا | شوێنی هاتوچۆ |
| ٥٠ | زا | زادە | منداڵ، وەک کوڕەزا، کچەزا |
| ٥١ | شازادە | پادشازادە | منداڵی پادشا |
| ٥٢ | شت | چشت، تشت | |
| ٥٣ | شیر | شمشێر | تیخی درێژ بۆ شەڕ بەکاردێت. |
| ٥٤ | گۆ | گۆپکە | |
| ٥٥ | گوێ | گوێچکە | ئەندامی بیستن |
| ٥٦ | گەر | ئەگەر | (گەر) وەکو (پاشگر)یش بەکاردەهێنرێت بە واتای دروستکەر. |
| ٥٧ | لوتە | لوتکە | لوتکەی چیا |
| ٥٨ | لقوپۆ | لقوپۆپ | لقوپۆپی دار و درەخت |
| ٥٩ | مەبەس | مەبەست | نیاز، ئامانج |
| ٦٠ | ناپەسەن | ناپەسەند | دوور لە داب و دەستوری کۆمەڵ |
| ٦١ | ناچێ | ناچێت | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٢ | ناڵبەن | ناڵبەند | کەسێک کە ناڵ بۆ یەکسم دەکات. |
| ٦٣ | نێو | نێوان | |
| ٦٤ | هاوڕێ | هاوڕێگە | |
| ٦٥ | هاوڵاتی | هاووڵاتی | |
| ٦٦ | هەوار | هەوارگە | |
| ٦٧ | هەندێ | هەندێک | |
| ٦٨ | لانە | هێلانە | |
| ٦٩ | یەکێ | یەکێک | دانەیەک، کەسێک |

خشتەی ژمارە (١) دەربڕین بە ئابورییانە و تۆمارکردنی لە فەرهەنگدا

**2-٢) سنورداریێتی و فەرهەنگ**

فەرهەنگەکان بۆ تێگەیشتن لە چەمک و واتای وشەکان ئامرازێکی گرنگ و بەنرخن، بەڵام فەرهەنگەکان سنوردارکردنی سروشتییان هەیە، واتە فەرهەنگ بە چەندین شێواز سنور بۆ بەکارهێنانی وشەکان دادەنێت. لەم بارەیەوە، هەندێک وشە هەیە لە بواری کۆمەڵاتییەوە تایبەتە بە چینێکی دیاریکراو، یاخود شتێکی دیاریکراوەوە. واتە فەرهەنگ سنوری بەکارهێنانی هەندێک لە وشەکان زۆر بەرتەسک دەکاتەوە. هەوڵدەدەین هەندێک لەو وشانەی، کە لە فەرهەنگدا سنوری بەکارهێنانیان تەنیا بۆ شتێک، یان گیانلەبەرێکی دیاریکراوە، بەم شێوەیە بخەینەڕو:

| ژ | وشە | سنوری بەکارهێنانی وشە |
|---|---|---|
| ١ | باڕە | دەنگی بەرخۆلە |
| ٢ | بۆڕە | دەنگی گا |
| ٣ | باقە | دەنگی بزن |
| ٤ | پرمە | پرمەی ئەسپ و وڵاخ |
| ٥ | پڕوشە | بارینی لەسەرخۆی بەفر |
| ٦ | جروکە | دەنگی جوجکە مریشک |
| ٧ | جریوە | دەنگی چۆلەکە |
| ٨ | حیلە | دەنگی ئەسپ |
| ٩ | خوڕە | خوڕەی ئاو (دەنگی ڕۆیشتنی ئاو) |
| ١٠ | قاسپە | دەنگی خوێندنی کەو |
| ١١ | قوقە | خوێندنی کەڵەشێر |
| ١٢ | گمە | دەنگی کۆتر |
| ١٣ | لورە | لورەی گورگ |
| ١٤ | میاو | دەنگی پشیلە |
| ١٥ | وەڕین | وەڕینی سەگ (حەوحەوکردن) |

خشتەی ژمارە (٢) سنوری بەکارهێنانی هەندێک لە وشەکان

**2-٣) خستنەڕوی داتای توێژینەوەکە**

بەپێی داتای توێژینەوەکە، کە کارمان لەسەر (٨٤) جۆر کەرەستەی ناو فەرهەنگی مەردۆخی کردووە و لە خشتەی ژمارە (١، ٢)دا پیشاندراون، لە کۆی داتای بەردەستمان (٦٩) کەرەستە لە ئاخاوتن و گفتوگۆی ڕۆژانەدا ئابوری تێدا کراوە و بەشێوەی ئابوریيانە بەکارهێنراون. هەروەها هەر بەپێی داتاکە، تەنها (١٥) کەرەستە سنورداریێتیی بەکارهێنانیان دیاریکراوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە کەرەستە زمانییەکان لەڕوی چەمکەوە زۆربەیان فرە چەمکن، واتە مەرج نییە دەربڕی هەمان چەمک بن، بەڵکو دەشێت زیاتر لە چەمکێک بگەیەنن.

**2-٤) لێکدانەوە و ڕاڤەی داتای توێژینەوەکە**

هەروەکو پێشتر ئاماژەپێدرا، ئەو کەرەستانەی ئابورییان تێدا کراوە لە فەرهەنگی مەردۆخی وەرگیراون. واتە ئەو ئابوریکردنەی، کە لە کاتی دەربرین و گفتوگۆدا بەشێوەی ئاسایی دەکرێت و ڕێگەپێدراوە، بەڵام فەرهەنگەکە هەر بەم شێوەیە تۆماری نەکردوون، بەڵکو ئابوریکردنەکەی سنوردار کردووە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە فەرهەنگدا دەبێت شێوەی ستانداردی کەرەستەکان تۆماربکرێت، نەک شێوەی کورتکراوە و ئابوریانەی قسەکردنی ڕۆژانە، واتە پێویستە فەرهەنگ شێوەی فەرمی و دروستی کەرەستەکان پیشانبدات، چونکە ئەرکی فەرهەنگ پاراستنی زمانە بەشێوەیەکی دروست و تەواو، هەر بۆیە جیاوازی لەنێوان زمانی ئاخاوتن و فەرهەنگدا دەبینرێت.

هەر بەپێی ئەو داتایەی لەبەردەستدایە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە فەرهەنگ مەودای بەکارهێنانی هەندێک لە وشەکان سنوردار دەکات و بەشێوەیەک کاردەکات، کە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت هەمووومان پێوەی پابەند بین. بۆ نمونە (مردن) هەر مردنە بە واتای نەمانی گیان لە جەستەدا و لەدەستدانی ژیان دێت، کەچی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بۆ مرۆڤ (مردن) بەکاردێت و بۆ ئاژەڵێک گۆشتی بخورێت (مرداربونەوە) بەکاردێت و بۆ ئاژەڵێک گۆشتی نەخورێت (تۆپین) بەکاردێت و بۆ ڕووەک (وشکبون) بەکاردێت، کەواتە هەر کەرەستەیەکی زمانی، کە لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت، پەیوەندیدارە بە واتایەک، یان هەڵگری ناوەڕۆکێکی واتایی یان زیاترە، ئەگەر ئەم پەیوەندییە لەدەست بدات، ئەوا لە فەرهەنگدا تۆمارناکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، فەرهەنگ و کلتور، کە ناسنامە و تایبەتمەندییەکانی گەلێک لە گەلانی دیکە جیادەکاتەوە، لە هەمان کاتدا میراتی ماددی و مەعنەوی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە. ئەم پرۆسەیەش زۆرجار لە بەهێزکردنی زمان و کلتورە کۆمەڵایەتییەکاندا سودی هەیە و ناسنامە و فەرهەنگی نەتەوەکە دەپارێزن. هەرچەندە فەرهەنگێک ناتوانێت هەموو وشەیەک، یان هەموو واتایەکی هەر وشەیەک لەخۆبگرێت، چونکە فەرهەنگەکان دەقی سنوردارن و ناتوانن هەموو وشەکان و واتاکانی زمانێک بگرنەوە.

**ئەنجام:**

ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:

١- بەپێی ئاماری گشتی توێژینەوەکە، کە (٨٤) نمونە وەک داتا وەرگیراون، ٨٢% نمونەکان لە بەکارهێناندا ئابورییان تێداکراوە، ١٨ % نمونەکان سنورداریتی بەکارهێنانیان هەیە.

٢- ئابوریکردن تەنها کەمکردنەوە و لابردنی کەرەستە زمانییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە هەر دەربڕینێک، کە ببێتە هۆی گەڕاندنەوەی وزە بۆ ئاخێوەر، چونکە زمان بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات خۆی ڕزگار بکات لەوەی، کە بە زیادەی دەزانێت.

٣- ڕێژەی ئابوریکردن لە ئاستی دەنگدا زیاترە بە بەراورد بە ئاستەکانی تری زمان، چونکە یاسا فۆنۆلۆژییەکان بۆ ئابوریکردن لە دەنگەکانی ئاخاوتندا یارمەتیدەرن.

٤- ئابوریکردن و فەرهەنگ کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بەشێوەیەک زیادەڕەوی لە ئابوریکردندا ڕاستەوخۆ کاریگەری لە بەها فەرهەنگییەکان دەکات.

٥- سنورداریتیی فەرهەنگی وەک ئامرازێکی بەهێز سەیردەکرێت، کە ڕەفتاری ئابوری لە قاڵب دەدات، چونکە فەرهەنگ ڕێگری لە بەکارهێنانی ئابوریانە دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**أ) بە زمانی کوردی**

حمد، سۆران عبدالرحمن (٢٠٢٣) ڕۆنانی ناوەوەی بڕگە و سنورداریتی فۆنیمەکان بەپێی تیۆری ئۆپتیماڵتی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین.

حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩) ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٢) پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی ئارۆ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
حمید، هێرش کەریم (٢٠١٥) بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
خۆشناو، شیروان حوسێن (٢٠١٦) توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2013) ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
ڕەسول، صلاح حوێز (٢٠١٣) پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
ڕەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن (٢٠٠٦) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر.
ساڵح، دەروون عبدالرحمن (٢٠١٢) ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
شرفکندی، عبدالرحمان (1369) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، بڵاوکراوەی سروش، چاپی یەکەم، تاران.
عەلی، تالیب حوسێن (٢٠١٩) واتاسازی – چەند بابەتێکی واتای وشە، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
عەبدولڕەحمان، شوان محمەمەد (٢٠٢٣) کۆتوبەندی سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.
فتاح، محمد معروف (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
قادر، صباح ڕەشید (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرمک)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
قادر، کاروان عومەر (٢٠١٢) فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)، چاپخانەی بینایی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
کەرەمی، سەعید (١٣٩٦) وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، زانستگای کوردستان، سنە.
مەردۆخی کوردستانی، موحەمەد (١٣٨٨) فەرهەنگی مەردۆخ، چاپی یەکەم و دووەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان، سنە.

**المصادر والمراجع**

حمد، سوران عبد الرحمن (2023) البنية الداخلية للمقاطع وحدودية الفونيمات وفق نظرية الأمثلية، أطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة جامعة رابرين.
حسين، شيلان عمر (2009) الإيديومات: أنواعها وبنيتها في اللغة الكردية، مطبعة رنج، السليمانية.
حسين، شيلان عمر (2012) العلاقة بين التركيب (السنتاكس) والدلالة (السيمانتيك) في قواعد اللغة الكردية، مطبعة آرو، مديرية الطباعة والنشر في السليمانية.
حميد، هيرش كريم (2015) دراسة مقارنة مورفوفونيمية في اللغتين الكردية والفارسية، رسالة ماجستير، مدرسة اللغات، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية.
خوشناو، شيروان حسين (2016) قدرة المورفيمات المقيدة في إثراء المعجم وأداء الوظيفة التركيبية، الطبعة الأولى، دار نارين للطباعة والنشر، أربيل.
دزەيي، عبد الواحد موشير (2013) بناء الجملة التحويلي والنقل، الطبعة الأولى، مركز آوير للطباعة والنشر، أربيل.

رسول، صلاح حويز (2013) مبدأ الاقتصاد في اللغة الكردية من منظور نظرية الحكومة والربط والبرنامج الأدنى، أطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة كويه.
رسول، عبد الله حسين (2006) خلاصة موجزة في نحو اللغة الكردية، الطبعة الثانية، أربيل.
صالح، دروون عبد الرحمن (2012) الاقتصاد اللغوي في مستويات اللغة الكردية، مطبعة حاجي هاشم، أربيل.
شرفكندي، عبد الرحمن (1369 هـ.ش) معجم «هنبانة بورينه»، منشورات سروش، الطبعة الأولى، طهران.
علي، طالب حسين (2019) علم الدلالة – بعض موضوعات معنى الكلمة، الطبعة الثانية، مطبعة هيفي، أربيل.
عبد الرحمن، شوان محمد (2023) التقييد الدلالي في اللغة الكردية، رسالة ماجستير، كلية التربية الأساسية، جامعة السليمانية.
فتاح، محمد معروف (2011) علم اللغة، الطبعة الثالثة، مطبعة حاجي هاشم، أربيل.
قادر، أبو بكر عمر (2003) دراسة مقارنة مورفوسنتاكسية في اللغتين الكردية والفارسية، أطروحة دكتوراه، كلية اللغات، جامعة السليمانية.
قادر، صباح رشيد (2000) الترادف وتعدد المعاني في (غيرك)، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية.
قادر، كاروان عمر (2012) الصيغة المنطقية في اللغة الكردية (بمادة لهجة الكرمانجية الوسطى)، مطبعة بينايي، مديرية الطباعة والنشر في السليمانية.
كرمي، سعيد (1396 هـ.ش) معجم اللغة الكردية، الطبعة الأولى، جامعة كردستان، سنندج.
مردوخي الكردستاني، محمد (1388 هـ.ش) معجم مردوخ، الطبعتان الأولى والثانية، دار نشر پرتوبەیان، سنندج.

**References**

Hamad, S. A. (2023). *The internal structure of syllables and phoneme boundaries according to Optimality Theory* (Doctoral dissertation, University of Raparin, College of Education).

Hussein, S. O. (2009). *Idioms: Types and structures in the Kurdish language*. Ranj Printing Press.

Hussein, S. O. (2012). *The relationship between syntax and semantics in Kurdish grammar*. Aro Printing Press.

Hamid, H. K. (2015). *A morphophonemic comparison between Kurdish and Persian* (Master's thesis, University of Sulaimani, School of Languages, College of Humanities).

Khoshnaw, S. H. (2016). *The capacity of bound morphemes in enriching the lexicon and performing syntactic functions* (1st ed.). Narin Printing and Publishing.

Dzeyee, A. M. (2013). *Transformational-generative syntax and movement* (1st ed.). Aweer Center for Printing and Publishing.

Rasul, S. H. (2013). *The principle of economy in Kurdish from the perspective of Government and Binding Theory and the Minimalist Program* (Doctoral dissertation, University of Koya, College of Education).

Rasul, A. H. (2006). *A concise summary of Kurdish syntax* (2nd ed.).

Salih, D. A. (2012). *Linguistic economy across levels of Kurdish*. Haji Hashim Printing Press.

Sharafkandi, A. (1990). *Henbane Borineh Dictionary* (1st ed.). Soroush Publications.

Ali, T. H. (2019). *Semantics: Selected topics in word meaning* (2nd ed.). Hivi Printing Press.

Abdulrahman, S. M. (2023). *Semantic restriction in the Kurdish language* (Master's thesis, University of Sulaimani, College of Basic Education).
Fattah, M. M. (2011). *Linguistics* (3rd ed.). Haji Hashim Printing Press.
Qadir, A. O. (2003). *A morphosyntactic comparison between Kurdish and Persian* (Doctoral dissertation, University of Sulaimani, College of Languages).
Qadir, S. R. (2000). *Synonymy and polysemy in (Gîrek)* (Master's thesis, University of Sulaimani, College of Languages).
Qadir, K. O. (2012). *Logical form in Kurdish (based on Central Kurmanji dialect)*. Binayi Printing Press.
Karami, S. (2017). *Kurdish lexicology* (1st ed.). University of Kurdistan Press.
Mardukhi Kurdistani, M. (2009). *Mardukh Dictionary* (1st & 2nd eds.). Partobayan Publishing House.
Crystal, David (2003) A Dictionary of Linguistics and Ponetics, Sixth edition, Blackwell publishing.
Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams, N. (2014) An Introduction to Language, Tenth edition, USA.
Plag, Ingo (2003) Word – Formation in English, Cambridge University Press.
Vicentini, Alessandra (2003) The Economy Principle in Language, Universita di Milano.
Van Valin, R. D. (2005) Exploning the Syntax – Semantics Interface, Cambridge University Press.
Yule, George (1996) Pragmatics, Oxford University Press.
Yule, George (2010) The Study of Language, Foruth edition, Cambridge University Press.